**وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو**

بەپێی ئەو دەسەلآتەی پێمان دراوە لە یاسایی وەزارەتی کـشتوکاڵ و سەرچـاوەکانی ئـاو ژمارە ( ١ )ی ساڵی ( ٢٠٠٨ ) بڕیارمان دا بە دەرکردنی ئەم رێنماییەی خوارەوە :-

## ڕێنمایی ژمارە ( ١٤ )ی ساڵی ٢٠١٢

## رێنمایی تـاییەت بە قەرەبووی جوتیـاران لە دەرەوەی سنوری شارەوانیەکان

١- ئەو گرێبەستانەی کە لەسەر زەوی کشتوکاڵی کراون بە پێ ی یاسا و ڕێنمایەکان بۆ ئەو جوتیارانەی کە مەرجی یاساییان تێدایە .

٢- خاوەن گرێبەستەکان قەرەبوو دەکرێنەوە بە ڕێژەی ( ٢٥٪ ) لە نرخی خەملاندنی یەك دۆنم زەوی .

٣- قەرەبووی ئەو زەویانە دەکەوێتە ئەستوی لایەنی سودمەند .

٤- لەسەر لایەنی سودمەند پێویستە قەرەبووی جوتیاران بکات بە زوترین کات لە ڕۆژی دەست هەڵگرتنیان لەسەر زەویەکە .

٥- ئەو گرێبەستانەی کە بە کاتی کراوە لەسەر زەویە کشتوکاڵیەکان وە ( ٣ ) ساڵ بەسەریاندا تێپەڕبووە ئەو قەرەبوو دەیان گرێتەوە .

٦- ئەم ڕێنمایە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی بلاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان

**پرۆفیسۆر سیروان بابان**

**وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو**